
# تووشبووانی تالاسیمیا داوای هاوکاری و ئاوڕدانەوە لە ژیانیان دەکەن



سوڵتان باجەلان، یەکێکە لەو هەزاران هاووڵاتییەی کە تووشی نەخۆشیی تالاسیمیا-یە و لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا کە ئایا تووشبووانی تالاسیمیا رەوشی تەندروستییان چۆنە؟ دەڵێت: «وەك تووشبوویەکی تالاسیمیا کە ئەو پرسیارەم لێ دەکرێت، تووشی سەرسوڕمان دەبم، چونکە نازانم لە کوێوە دەست پێ بکەم و چۆن باسی رەوشی خۆمان بکەم، لە کەمیی داوودەرمان و پێداویستیی تایبەتی خۆمان وەك حەبی (ایکسجید کلفر) دەرزی (دسفیرال) کە ناو بە ناو نامێنێت، کەمی کیسی خوێنی تەسفیەکراو کە ماوەیك بەر لە ئیستا لێمان بڕابوو، زۆربەمان لە کاتی خوێن وەرگرتن تووشی حەساسیە و لەرز و تا دەبووین، ئێستا ئەو شتانە بەشێکی لەلایەن خێرخوازان بۆمان دابین دەکرێت، جگە لە پێداویستیی دەرمان و پزیشکی نەخوش تەنانەت پێداویستی سەرەتایی خەستەخانەکەمانیش خێرخوازان دابینی دەکەن، بگرە لەسەرەتاترین شت وەك دەستەوتنە و پلاستەر و کانولا تا گەورەترین شت، ئەوان بە سوپاسەوە بۆمان دابینی دەکەن، بۆیە دەپرسم: کوا رۆڵی وەزارەتی تەندروستی بەرامبەر ئێمەی نەخوش؟ کەچی ساڵانە لەسەر هیچ، کومەڵێك سوپاس و پێزانینیان پێ دەبەخشن.» گوتیشی: «نەخۆش هەمووی بێزار بووە لێرە، جاروایە نازانێ بە چی رابگات، بۆ بەردەوامبوونی لە ژیان دەبێت حەبی ئاکسجید


**ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی ڕۆژی ٨ی مانگی ئایاری بە ڕۆژی جیهانی تالاسیمیا دیاری کردووە و لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا چەندین کەمپینی هۆشیاری لە بارەی نەخۆشییەکە ڕادەگەیەندرێت. تالاسیمیا باوترین نەخۆشیی بۆماوەییە کە لە باوانەوە بۆ منداڵان، لە ڕێگەی جینەکانەوە دەگوازرێتەوە. ئەم نەخۆشییە دەتوانرێت لە ڕێگەی گواستنەوەی بەردەوامی خوێن بۆ کەسانی تووشبوو کۆنترۆڵ بکرێت و لە دەرهاوێشتەکان بەدووربن، هەروەها چاندنی موخ ڕێگەچارەی سەرەکییە کە نەخۆشییەکە بە یەکجاری بنبڕ دەکات، لە ئێستادا لە هەرێمی کوردستان نزیکەی سێ هەزار توشبووی تالاسیمیا هەن و تووشبووانیش داوای ئاوڕدانەوەی جددی لە حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکەن.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

پەیدا بکات، یان جیاز فلتەری خوێن بۆ ئەوەی ئازار نەکێشن، چەندین جار لەسەر حیسابی خۆمان فلتەرمان کڕیوە، هەرجار شتەك نامێنێت، بە ڕاستی بێزار بووین.»

یوسف یاسین تووشبوویەکی دیکەیە وەك خۆی باسی کرد تەمەنی ٢٢ ساڵە و بەدرێژایی تەمەنی مانگانە خوێن لە لەشی کراوە. یوسف لە بارەی ئاریشەکانی خۆی و هاوتاکانی دەڵێت: «لە سەنتەری چارەسەری تالاسیمیا بەهۆی کەمیی دەرزی و دەرمانەوە کەموکورتیی زۆرمان هەیە، ژیانی ئێمە لەسەر خوێن و ئەو دەرمانانەیە، کاتێك دەرمان و پێداویستییە پزیشکییەکانمان نامێنێ، ژیانی ئێمەش دەکەوێتە مەترسییەوە، بۆیە داواکارم لە حکومەت و وەزارەتی تەندروستی بە هانامانەوە بێن و چیدیکە لە دڵەڕاوکێی نەمانی دەرزی و دەرمان نەمانهێڵنەوە.

سروە عەلی جەباری بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی کۆمەڵەی تالاسیمیا، بەمجۆرە باسی نەخۆشییەکە و ڕەوشی نەخۆشەکانی بۆ گوڵان کرد: «تالاسیمیا نەخۆشییەکی بۆماوەیی خوێنە، واتە کەسی توشبوو توانای دروستکردنی خوێنی نییە بە شێوەیەکی ئاسایی، ئەو خوێنەی کە دروستی دەکات (هیمۆگلۆبین)ی تێدا نییە، بەهۆی گرفتێکی بۆماوەییەوە، مرۆڤی تووشبوو وەك پێویست هیمۆگلۆبین دروست ناکات، بەوەش دەبێتە کەسی کەمخوێن، کەسی کەمخوێنیش بەردەوام بە درێژایی ژیانی پێویستی بەوەیە خوێن لە کەسێکی ترەوە وەربگرێت. خۆی تالاسیمیا وا لە کەسی تووشبوو دەکات کە بەردەوام و بە درێژایی ژیانی پێویستی بە وەرگرتنی خوێن هەبێت، هەرچەندە ئەم پرۆسەیە لەئێستادا لەوپەڕی پێشکەوتندا ئەنجام دەدرێت، بەڵام ئەمەش گرفتی خۆی هەیە، ئەویش کەڵەکەبوونی ئەو ئاسنەیە کە لە ناو پێکهاتەی خوێندا هەیە، بە هۆی بەردەوامیی پرۆسەی گواستنەوەی خوێنەوە بۆ کەسی تووشبوو. لەشی مرۆڤ وا دروست بووە کە ئاسن فڕێ نادات و زیاتر وەری دەگرێت، ڕێگەیەکی نییە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی فیسیۆلۆجی لەو ئاسنە ڕزگاری بکات، واتە کە هاتە لەشەوە هەڵیدەگرێت و دەریناکاتە دەرەوە و ئەو کەسە چەند خوێن وەربگرێت، بەشە ئاسنەکەی وەردەگرێ و وردە وردە لەلەشدا کۆدەبێتەوە تا دەگاتە ئاستێك کە هەموو لەش پڕ دەبێت لە ئاسن و لێی زیاد دەبێت. ئاسنیش گرفتێکی هەیە کە لە لەشدا زیادبوو، دەبێتە هۆی ژەهراویبوون لەلەشدا، لەبەرئەوەی ئەم ماددەیە لەناو دڵ و جگەر و گلاندەکان و ڕژێنەکان و هێلکەداندا دەنیشێت، واتە لەناو هەموو خانەکانی لەشدا دەنیشێت و کاری ژەهرینی خۆی دەکات، بۆیە وردە وردە زیانەکانی بەسەر بەشەکانی جەستەوە زیاد دەبێت، بۆیە منداڵێك کە زانرا تالاسیمیای هەیە و خسترایەبەر خوێنوەرگرتنی بەردەوام، پێویستە لە دوای ماوەیەك دەست بکرێت بە دەرکردن و کەمکەردنەوەی ئاسن لە لەشیدا، ئەویش بە بەکارهێنانی دژە ئاسن، کەواتە زۆرترین گرفت کە لە ئەنجامی تالاسیمیادا جگە لە وەرگرتنی خوێنەکەش دەردەکەوێت، گرفتی ئاسنی زیادەیە. بەداخەوە بەهۆی ململانێی سیاسی



سوڵتان باجەلان:

**نەخۆش هەمووی بێزار بووە، کوا ڕۆڵی وەزارەتی تەندروستی بەرامبەر ئێمەی نەخۆش؟**



یوسف یاسین:

**کاتێک دەرمان و پێداویستییە پزیشکییەکانمان نامێنێ، ژیانی ئێمەش دەکەوێتە مەترسییەوە**

لە نێوان عێراق و کوردستان دەرمان و پێداویستییە پزیشکییەکان کەم دێت و ناو بەناو دەبڕدرێت، یان کوالێتەکەی نزم دەبێتەوە.

سروە علی جەباری، لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت: «نازانم لە کوێوە دەست پێ بکەم، ئەوەی لە ناو مەشهەدەکە نەبێت، نازانێ ئێمەی تووشبووانی تالاسیمیا ئازارەکانمان چین. نەبوون و کەمیی پێداویستییەکانیش ئەوەندەی دیکە ئازارمان دەدات، لەم چەند ساڵەدا ناوبەناو دەرمان و پێداویستییەکانمان وەك پێویست بۆ نایەت لە عێراقەوە، حکومەتی خۆشمان تا ڕاددەیەکی پێویست دابینی ناکات، هیوادارم لایەنی پەیوەندیداری کوردستان بە جددی لە ئازار و گرفتەکانی تووشبوانی تالاسیمیا بکۆڵنەوە و بەدواداچوون بۆ چارەسەری بکەن، لانیکەم کەمیی پێداویستییە پزیشکییەکانمان بۆ چارەسەر بکەن، پەنابەخوا جارێکی دی ناکەوینە ناو ئەو کێشە و گرفتانەی کە چەند مانگێك لەمەوبەر هەمانبوو، جێی باسە سوپاسی تەواوی خوێنبەخشان و خێرخوازان بکەین، بەتایبەت دانیشتووانی سەربەرزی شاری هەولێر کە بەهانامانەوە هاتوون و بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانمان کەم تا زۆر هاوکارمان بوون.»

بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی کۆمەڵەی تالاسیمیای کوردستان باسی ئەوەشی کرد کە: نەخۆشەکانی تووشبووی تالاسیمیا زۆر بەئاواتەوە بوون کە نەخۆشخانەیەکی تایبەت بە خۆیانیان هەبێت و هەر لەو بارەیەوە گوتی:

«هەرچەندە لە ١٧ / ٢/ ٢٠١٤ بەردی بناغەی نەخۆشخانەکەمان بۆ دانرا، بەڵام ئەوەی جێی ئاماژەیە دڵگرانین بەوەی تا ئێستا بەردێکیی دیکە نەخراوەتە سەر ئەو بەردە، کە بەسوپاسەوە لەلایەن پاپای ڤاتیکان کە نەخۆشخانەیەکی کردبوو، بۆ هاونیشتیمانیانی دانیشتووی کەرتی ١٠٨ ی عەنکاوە بۆ ماوەیەکی کاتی ئەوە چەند ساڵێکە کراوە بە سەنتەری تالاسیمیا و لە ئێستادا لەوێ خوێن وەردەگرین. لەلایەن بەڕێز پارێزەر کاك سەفین پێداویستییەکانی ناو نەخۆشخانە دابین کراوە، لەلایەن ژووری بازرگانی هۆڵێکمان بۆ دروست کراوە بۆ ئەوەی بە ئاسانی خوێنەکانمان وەربگرین، لەلایەن ڕێکخراوی شنەبای یابانیش دوو هۆڵی دیکە دروست کران بۆ ئەوەی فراوانتر بێت. جێی ئاماژەپێدانە سەنتەرەکەمان پێویستی بە خزمەتی زیاترە، هیوادارین نەك ساڵانە، بەڵکو هەمیشە بەدواداچوون بکرێت بۆ تووشبوانی تالاسیمیا. هیوادارین لایەنە حکوومییەکانی وەزارەتی ئەوقاف و وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی تەندروستی لەگەڵ کۆمەڵە و سەنتەری تالاسیمیا هەوڵ بدەن بۆ ڕێگرتن لە نەخۆشییە بۆماوەییەکان بەتایبەت تالاسیمیا، باپێکەوە کاربکەین و هۆشیاری بڵاو بکەینەوە لەناو کۆمەڵگە، من خۆم وەك تووشبوویەك و کادرێکی ڕاگەیاندنی کۆمەڵەی تالاسیمیا، خۆم تووشبووم و حەزناکەم هیچ منداڵێکی دیکە تووش بێت و ئازار بکێشێت، بە ئەرکی سەرشانم زانی چەندین سمیناری خۆبەخشانەم ڕێکخستووە بە پشتگیریی وەزەرەتی خوێندنی باڵا لە زانکۆ و پەیمانگاکان بە هاوکاری چەند دکتۆرێکی پسپۆڕی خوێن لە شاری هەولێر کە سوپاسی هاوکارییان دەکەم.»

سەبارەت بە چارەسەری و بڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستی لەپێناو بنبڕکردنی نەخۆشی تالاسیمیا، د. هێرش قادر دەربەندی پزیشکی پلەبەند، نووسەر لە بواری هۆشیاری تەندروستی بەمجۆرە نەخۆشییەکە دەناسێنێت و دەڵێت: «تالاسیمیا بریتییە لەو نەخۆشییە بۆماوەییەی کە پەیوەستە بە بواری نەخۆشییەکانی خوێنەوە کە پەیوەندی بە پێکهاتەکانی ناو خوێنەوە هەیە، کە خڕۆکە سوورەکانی خوێنە، واتا کێشەکە لە هیمۆگلۆبینی ناو خڕۆکە سوورەکانی خوێنە و دوو جۆر هینۆگلۆبین هەیە کە بریتین لە (ئەلفا و بێ تا) ئەم نەخۆشییە کاتێك دروست دەبێت، کە دایك و باوکەکە هەردووکیان هەڵگری نەخۆشی تالاسیمیا بن، بەپێی سەرچاوە پزیشکییەکان ڕێژەی هەڵگر لە هەولێر ٧٪ تا ٨٪، هەڵگرەکان هیچ کێشەیەکی تەندروستییان نییە، تەنیا کەمێك کەمخوێن دەبن، ئەوانیش لە باوانیانەوە بۆیان ماوەتەوە، نەخۆشییەکە لە شەش مانگ تا دوو ساڵی یەکەمی تەمەنی منداڵەکە دەستنیشان دەکرێت، نیشانەکانی بریتین لە بێتاقەتی، بێهێزی، لاوازیی گەشە، ڕەنگزەردی، ئەستووربوونی جەستە، شێواوی پێکهاتەی ئێسکەکان بەتایبەت لەسەر و روخسار، لە باوترین نیشانەکانی نەخۆشییەکەن.»

ئەو پزیشکە لەبارەی چۆنیەتی ڕەفتارکردن لەگەڵ نەخۆش و نەخۆشییەکە ئاماژە بەوە دەکات کە: «تووشبووان مامەڵەکردنێکی تەندروست و ژیرانەیان پێویستە، چونکە دۆخی تەندروستییان زۆر تایبەتە و مانگانە پێویستیان بە وەرگرتنی خوێن هەیە، ئەمەش لە ڕووی تەندروستیی جەستەیی و کۆمەڵایەتی و دەروونییەوە خەمخۆری و چاودێرییەکی باشی دەوێت، پێویستە ناوە ناوە کەسی تووشبوو چەند پشکنینێکی بۆ بکرێت، چونکە بەهۆی زۆر وەرگرتنی خوێن بڕی ماددەی ئاسن لەناو جەستەیاندا زیاد دەکات، بەتایبەت لە دڵ و جگەر و تەنانەت ماسوولکەکانیش.» ئەوەشی خستەڕوو کە دەتوانرێ نەخۆشی تالاسیمیا بە چەند شێوازێك بنبڕ بکرێت، لەوانە:

* ڕێگریکردن لە هاوسەرگیری دوو کەس کە هەردووکیان هەڵگر بن.



* دوو گەنجی هەڵگر دوای پشکنینی خوێن پێویستە هاوسەرگیرییەکە ڕەت بکەنەوە.
* دەتوانن ئەو دوو کەسە زەواج بکەن، بێ ئەوەی منداڵ بخەنەوە، ئەوەش بڕیارێکی زۆر قورسە.
* دەکرێ کە دایکەکە دووگیان بوو، پشکنینی خوێنی بۆ بکرێت، ئەگەر کۆرپەلەکە تووشبوو بوو ئەوا لەبار ببردرێ، هەرچەندە لە کوردستان بە یاسا ڕێگری لەم کارە کراوە و ڕێگەی پێ نەدراوە.
* دەشکرێ منداڵەکە لە دایك بێت، پاشان بە پەلە مۆخی بۆ بگۆڕدرێت.

هەموو ئەو چارەسەرانە هیچیان ئاسان نییە، تاکە ڕێنماییم بۆ گەنجان ئەوەیە پێش ئەوەی بڕیار بدەن کەسێك بۆ هاوژین دەستنیشان بکەن، پشکنینی خوێن بکەن، ئەگەر ئەو کەسە هەڵگری نەخۆشییەکە نەبوو، ئەوا هیچ کێشەی نابێت لەگەڵ هەر کەسێك هاوسەرگیری بکات، بەڵام ئەگەر هەڵگری تالاسیمیا بوو، ئەوا پێویستە ئیحتیاتی خۆی وەربگرێت و هەرگیز هاوسەرگیری لەگەڵ کەسێکی هەڵگر نەکات، بۆ ئەوەی منداڵەکانیان لە مەترسیی تووشبوون بە تالاسیمیا بپارێزن و ڕێژەی تووشبووانیش بەرەو کەمبوونەوە بڕوات.

مامۆستا هاوکار، باوکی دوو تووشبووی تالاسیمایە بە ناوەکانی سۆما و زەکەریا، ئەویش وەك کەسێك کە لە نزیکەوە ئاشنایە بە ئاریشە و کێشەکانی ئەو نەخۆشییە داوا لە حکومەت و لایەنی پەیوەندیدار دەکات، بایەخی زیاتر بە تووشبووانی تالاسیما بدەن و سەبارەت بە منداڵەکانی خۆیشی دەڵێت: «زۆر سوپاس بۆ خوای گەورە کە توانیمان بە چاندنی مۆخ لە دەرەوەی وڵات بۆ زەکەریای کوڕم گیانی ڕزگار بکەین، ئەوە تەنیا ڕێگەی چارەسەرە و هیوادارم حکومەت و هەموو خێرخوازان ئاسانکاری بۆ تووشبووانی تالاسیما بکەن، بۆ ئەوەی لەو ئازارە بەردەوامە ڕزگاریان بێت. هەروەها نەخۆشخانەی تالاسیما پێویستە زۆر زیاتر هاوکاری بکرێن و هەموو پێداویستیەکانیان بۆ دابین بکرێت. هیوادارم ڕۆژێك بۆ سۆمای کچم و هەموو تووشبووانی تالاسیما چاندنی مۆخیان بۆ بکرێت، هەتا هەموو تووشبووان و خێزانەکانیان لەو ئازارە سەختە ڕزگارمان بێت.» گوتیشی: «زۆر سوپاسی ڕێکخراوی شنەبای یابانی دەکەم کە جێگایەکی بۆ تووشبووانی نەخۆشی تالاسیما دابین کردووە. بەڵام تووشبووانی تالاسیما جگە لە خوێن و دەرمان زۆر نیازیان بە مامۆستا و پزیشکی دەروونناس و توێژەری کۆمەڵایەتی هەیە، چونکە لە بارودۆخێکی زۆر هەستیار دەژین.»



سروە عەلی جەباری:

**ئەوەی لە ناو مەشهەدەکە نەبێت، نازانێ ئازارەکانمان چۆنە، نەبوون و کەمیی پێداویستییەکانیش ئەوەندەی دیکە ئازارمان دەدات**



د. هێرش قادر:

**نەخۆشییەکە کاتێک دروست دەبێت کە دایک و باوکەکە هەردووکیان هەڵگری نەخۆشیی تالاسیمیا بن، بەپێی سەرچاوە پزیشکییەکان ڕێژەی هەڵگر لە هەولێر ٧٪ تا ٨٪ دەبێت**



# کارم خاوێنکردنەوەی منداڵی خەڵکە و کارەکەشم لا پیرۆزە و هەست بە دایکایەتی دەکەم

ژمارەی ئەو ئافرەتانەی لە ناو کۆمەڵگەدا شانیان داوەتە ژێر باری قورسی ژیان و بوونەتە خاوەن داهاتی خۆیان کەم نییە. زۆربەی ئەوانەی خاوەن بڕوانامەن یان لە کەرتی گشتی و حکوومی کاردەکەن، بەوە دڵخۆشن کە سەرەڕای ئەوەی داهاتەکەیان ڕۆڵی کاریگەری لە ئیدارەی ئابووریی خێزانەکەیاندا هەیە، ئەوا لە دوارۆژیشدا بۆ تەمەنی پیری و پەککەوتەیی مووچەیەکیان هەیە کە دەتوانن پێی بژین و بە بێ منەتباریی کەسوکار قووتی ژیانی خۆیانی پێ دابین بکەن، بەڵام ئەو ئافرەتە کرێکارانەی کە بە گرێبەست لە کەرتی تایبەتدا کاردەکەن، تەنیا تا ئەو کاتەی خاوەن مووچە و داهاتن کە توانای کاریان هەبێت، بەتایبەتی لەو وڵاتانەدا کە بیمە و دەستەبەری کۆمەڵایەتی بوونی نییە(بە کوردستانیشە)، بۆیە ئەو کەسانە بە نیگەرانییەوە لە دوارۆژ و ئایندەی خۆیان دەڕوانن. خۆ ئەگەر لە ڕەگەزی مێ بن، ئەوا کێشەکەیان گەلێ گەورەترە، بەتایبەتی ئەو ئافرەتانەی کە تەمەنی گەنجیی خۆیان لە کارکردنی ئازاد و پچڕپچڕ تێپەڕاندووە. یەکێ لەو ئافرەتانەش بەسەرهاتی خۆی بۆ خوینەرانی گوڵان دەگێڕێتەوە.

گوڵان: کۆمەڵایەتی



«زیاتر لە بیست و پێنج ساڵە کاری خزمەتگوزاری دەکەم. لە کاری ماڵانەوە بیگرە تا خاوێنکردنەوەی قوتابخانە و باخچەی ساوایان، پێنج ساڵیشە لە دایەنگەیەك كارم خاوێنکردنەوەی منداڵی خەڵکە و ئەو کارەشم لا پیرۆزە و هەست بە دایکایەتی دەکەم، خوای گەورە لە سۆزی دایکایەتی بێبەشی کردم، هەڵبەت سەبەبکارەکەی تەنیا باوکم بوو. ئەو غەدرێکی گەورەی لێ کردم.»

ئەوە قسەی شاناز عومەر بوو، وەك خۆی باسیکرد تەمەنی (٥٣) ساڵە و ئێستا لە دایەنگەیەکی ئەهلی کاری خزمەتگوزاری دەکات. ئەو خاتوونە بە رۆژی جیهانیی کرێکاران ئاشنا نییە، بەڵام پێداگری لەسەر ئەوە دەکات، کە «هەر کرێکارێك (چ ئافرەت، چ پیاو)، دەبێت ئەرکەکانی بە جوانی جێبەجێ بکات، ئەو کات داوای مافەکانی بکات.» هاوکات دەڵێت: «هێشتا گەنج بووم، ناچار بووم بۆ دابینکردنی ژیانم کار بکەم. ئەوا بیست و قسوور ساڵیشە کار دەکەم و کاری ماڵانیشم کردووە و کەسیش غەدری لێ نەکردووم. کاری خۆم بە جوانی کردووە و حەقدەستی خۆم وەرگرتووە.»

کاتێك پرسیار لە شاناز دەکەین، بۆچی لە تەمەنی گەنجییەوە ناچار بوویت شان بدەیتە ژێر باری قورسی کارکردن لە دەرەوی ماڵ، لە وەڵامدا ئاهێکی قووڵ هەڵدەکێشێت و دەڵێت: «بە تەمەنی منداڵی باوکم بە مێردی دام، مێردەکەشم کەڵکی نەمابوو، زۆر بە تەمەن لە من گەورەتر بوو. هێشتا من تەمەنم مابووی بۆ سی ساڵ، مێردم بە هۆی پیری و نەخۆشی کۆچی دوایی کرد، لە دوو ژنی دیکەی منداڵی هەبوو. تەنیا موڵکی ئەویش خانوویەك بوو، کوڕەکانی فرۆشتیان و کەسیشیان لە منیان نەپرسییەوە. چەند ساڵ لە ماڵی برام بووم. ئەویش کەمئەندام بوو. توانای کاری نەبوو. منیش هەندێك زێڕ و زیوم بوو، بۆم فرۆشتن. کە پارەم نەما، ناچار بووم بە نانکردن بۆ ماڵان و خاوێنکردنەوەی ماڵی خەڵك پارەیەك بۆ خۆم پەیدا بکەم، هەتا لەژێر منەتی براژن دەرچم.»

ئەو خاتوونە جەخت لەوە دەکاتەوە کە بووەتە قوربانیی دەستی هاوسەرگیریی زۆرەملێ و هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «جاران ئەو جۆرە بەشوودانە باو بوو، کوڕ و کچ لەلایەن باوکییەوە دەبوایە هاوسەری بۆ دەستنیشان بکرێ، واتە هەموو جۆرە بڕیارێك لای باوك بوو، خۆم کەسێك هاتە داوام، هەر نەمبینیبوو، مارەبڕ کرام، شەوی بووکێنی چاوم پێکەوت، بەڕاستی نەچووە دڵمەوە، زۆر دڵم خەمبار بوو، لە بەر ئەوەی تەمەنی زۆر لە من زیاتر بوو، ئەوکات تەمەنی نزیکەی شەست ساڵان دەبوو، هەموو رۆژێك دوعام لە باوکە تاوانبارەکەم دەکرد، ئەمە تاوانێکە باوکان دەرهەق بە منداڵی خۆیان دەیکەن، کەسێك بەدڵی خۆت نەبێ، منداڵیشی نەبێ، دەبێ چ ئایندەیەك چاوەڕێی بکات؟ ئەگەر پیاوەکە کێشەی نەبوایە، دەمێك بوو ژنێکی دیکەی هێنابوو، بەڵام ئێمەی ئافرەت لەبەر توانج و قسەی خەڵك دەبێ هەموو شتێ قبووڵ بکەین».

سەبارەت بەوەش کە دوای کۆچی هاوسەرەکەی بۆچی ژیانی هاوبەشی پێکنەهێناوە، دەڵێت: «دوای ئەوەی چوومە ماڵی برام، چەند جار خوازبێنیم بۆ هات، چونکە هێشتا زۆر گەنج بووم، بەڵام بڕیارم دابوو، خزمەتی براکەم و خێزانی بکەم، ئەوان لە ماڵی باوکم بوون. کرێچی نەبوون، بەڵام هیچ داهاتیان نەبوو. هەر تەنیا ئەو برایەشمان هەیە، بۆیە من و خوشکەکانیشم لە میراتی خۆمان خۆش بووین و خانووەکەمان نەفرۆشت، بەڵام براکەم هیچ داهاتێکی نەبوو. منیش لەوەتی لە بیرم دێت، هەرگیز دەستم لە کەس پان نەکردووەتەوە، هەر بۆیە بڕیارم دا، کار بکەم، کاریشم کرد و تا ئێستاش بەردەوامم، ئیتر گەنجی نەما و منیش دڵم بە منداڵەکانی ناو دایەنگە خۆش کردووە. مووچەیەکم هەیە و هەر لە ماڵی براشم ژوورێکم بۆ خۆم بە جیا دروست کردووە، منداڵەکانی براشم زیاتر لە دایکیان منیان خۆش دەوێت و رێزم دەگرن.»

**هەر کرێکارێک چ ئافرەت بێت، چ پیاو بێت، دەبێت ئەرکەکانی بە جوانی جێبەجێ بکات، ئەو کات داوای مافەکانی بکات**

**ئەگەر پیاوەکە کێشەی نەبوایە، دەمێک بوو ژنێکی دیکەی هێنابوو، بەڵام ئێمەی ئافرەت لەبەر توانج و قسەی خەڵک دەبێ هەموو شتێ قبووڵ بکەین**

**لەوەتی لە بیرم دێت، هەرگیز دەستم لە کەس پان نەکردووەتەوە، بڕیارم دا، کار بکەم، کاریشم کرد و تا ئێستاش بەردەوامم**